# من که نان نییه بخۆم، چی لە پیوازی ئەنگۆ بکەم

هەژێن
١٢ی ئازاری ٢٠١٦

تکایە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ئەم نووسینە، هەوڵبدە پێشتر تووڕەیی ئایدیۆلۆجی لە ئایین و کینەدۆزیی ناسیونالیستیت لە عەرەبیبوونی قورئان وەلابنێی، تاوەکو بەو چەشمە ئایدیۆلۆجییانەی چەپ و ناسیونالیزم تێڕوانینەکانی من نەبینیت و ناچار بە تۆمەتبارکردنم بە داکۆکیکردن لە ئایین نەبیت.

کێشەی ئێستای خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەرگیری خەڵکی نەدار و بێدەسەڵاتی هەرێمی کوردستان پێخەمبەربوون و نەبوونی موحەمەدی کوڕی عەبدوڵا، کێ نووسینی قورئان و دروستی و نادروستی قورئانەکەی عەلی و عوسمان نییە، کوردبوون و نەبوونی زەردەشت نییە. کێشەی نەداران و بێدەسەڵاتانی هەرێمی کوردستان نەبوونی ئازادییە، نەبوونی مافە سەرەتاییەکانە، نەبوونی مووچەیە، نەبوونی دادپەروەرییە، کێشەی خەڵك هەبوونی گەندەڵی و دزی و مشەخۆری و ملهوڕیی و جێکەوتەبوونی دیکتاتۆرییە؛ خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا دەژی و گیرۆدەی کێشەکانی ئێستایە نەك ڕووداوەکانی چواردە سەدە لەمەوپێشی خێڵە بتپەرستەکانی مەککە و مەدینە و دانانەوەی بەردی سپی [بەردی زەردەشتی] لەجێی بەردە ڕەشەکەی موحەمەد.

من ناڵێم با ڕەخنە لە ئایین و بە ئایدیۆلۆجیکردنی ئایین نەگیرێ، هەرگیز داخوازییەکی ئاواش لە کەس ناکەم، چونکە من خۆم سی و چوار ساڵ لەمەوپێش بەهۆی پارادۆکسەکانی نێو دەقی قورئان و حەدیسەکان و گێڕانەوە مێژووییەکان و وێنا و پاشبنەماکانی گوتەکان و دەمێك ئاخاوتنی یەزدان وەك [کەسی یەکەمی تاك] و جارێك وەك [کەسی یەکەمی کۆ] و زۆر جاریش ئاخاوتن وەك [کەسی سێیەمی تاك] لەبارەی [خۆی] و هەروەها ناکۆکبوونی ئایین بە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و زانیاریی مرۆڤ و بەڵگە مێژووییەکان و سەلماندنە زانستییەکان، بە باوەڕنەبوون بە ئایین و بێبنەمابوونی هێزی ئاسمانی گەیشتووم.

بەڵام لە کاتێکدا کە خەڵکی هەرێمی کوردستان لەسەر شەقامە و خەڵکی خەریکی مانگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی سەروەران و مشەخۆرانە، خەریککردنی ناڕازییان بە پرس و کێشەکانی چواردە سەدە لەمەوپێش، ئەگەر هاریکاریکردنی دەسەڵاتداران نەبێت، ئەوا لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران دەبێت. چونکە ئەوانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتدارن، نە موحەمەدی کوڕی عەبدوڵا و نە یارانی ئەو و نە داعش و نە بۆرجوا- داگیرکارانی عەرەب و فارس و تورك، بەڵکو پارتییە سێکیولاریستە ناسیونالیستەکانی کوردن، تەنانەت پارتییە ئیسلامییەکانیش نین، هەرچەندە دەسەڵاتداریی ئەوانیش لە هی سێکیولاریستە ناسیونالیستەکان خراپتر دەبێت و بە بۆچوونی من هەر کەس فەرماندار و دەسەڵاتدار و سەروەر بێت، تەنانەت ئەگەر خودی منیش بم، هەر ملهوڕ و مشەخۆر و نوێنەری بۆرجوازی دەبێت، هەر کەس بێت، هەر پارێزەری دارایی تایبەت و کاری کرێگرتە دەبێت و چەوسێنەری خەڵکی نەدار و بێدەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.

لەبەرئەوە بەبۆچوونی من، تەنانەت ئەگەر لەم ساتەدا پارتییە ئیسلامییەکانیش دەسەڵاتدار بن، ئەوا دیسانەوە هەر کاتی خەریککردنی خەڵك بە پرسی پێخەمبەربوون و نەبوونی موحەمەد، دروستی و نادروستی قورئان، باشی و خراپی ئەم ئایین و ئەو ئایین نییە، بەڵکو کاتی هەڵخراندن و هاندانی خەڵکی نەدار و بێدەسەڵاتە بۆ خۆبیرکردنەوە، بۆ خۆڕێکخستن، خۆبڕیاردان و خۆبەڕێوەبەریی، چونکە ئەوە تەنیا پارتییە ئیسلامییەکان نەبوون، کە لەنێو پارلەمانی هەرێمی کوردستان یاسای چەند-ژنە'یان بۆ پیاوان پەسەند و ڕەواکرد، بەڵکو زۆرینەی پارتییە سێکیولار -ناسیونالیستەکانی کورد بوون، ئەوە خواستی نوێنەرانی بۆرجوازی کورد بوو، ئەوە فەرمانداریی هەرێمی کوردستان و پارتییە سێکیولاریستەکانی بوون، کە مانگانە چەندین ملیۆن دۆلاریان بۆ گروپ و پارتییە ئیسلامییەکان دابینکرد . ئایا لە بارێکی وەك ئێستادا سەرەکیکردنی پرسی باوەڕی ئایینی، بێجگە لە سەرنجلادان و خەریککردنی خەڵکی ناڕازی لە پرسە سەرەکی و دەستبەجێکانیان، دەتوانێت هیچی دیکە بێت و بەهیچ کوێیەکی دیکە بگات؟

هەڵبەت دەزانم، کە ئاتەئیست و چەپەکانی کوردستان دژی ئاوا سەرنج و ڕەخنەیەکن، من گومانم لە دڵسۆزی و پاکی لایەنگرانی ئەو دوو ڕەوتە نییە، بەڵام هەموو بەڵگەکان و لۆجیك سەرنجی ئێمە بەرەو ئەوێ دەبەن، لە ڕاسەری ئەو دوو ڕەوتەوە کۆمەڵێك کەسی هەلپەرست هەن، کە هاوبەرژەوەندی دەسەڵاتدارانن و بە ئامانجەوە لەم ساتەدا خەڵکی ناڕازی بە پرسی لاوەکی و کەسییەوە خەریکدەکەن.

ئەگەر کەسانێکی توورە لە ئایین، ئاوا بیردەکەنەوە، ساخکردنەوەی پێخەمبەرنەبوونی موحەمەدی کوری عەبدوڵڵا و ئاسمانی-نەبوونی قورئان، پرس و کێشە و داخوازیی سەرەکی ئێستای خەڵکی هەرێمی کوردستانە، دەبا بفەرموون برۆنەوە سەنگەرەکانی جەنگی ئوحد و خەندەق و خەیبەر..تد و هەوڵی تێکشکاندنی لەشکرەکەی موحەمەد بدەن و بەر بە ئەنفالی جووەکان بگرن و نەهێڵن دواتر ئەو لەشکرە بگاتە کوردستان و ئێران و ئەندەلوس.

هیوادارم هیچ نووسەر و هیچ کەسێکی دیکە ئەم رەخنەیە بە کەسی نەکێسێتە سەر خۆی و وەك هاندەرێك بۆ بەخۆداچوونەوە و گەرانەوە بۆ سەر پرسە دەستبەجێ و سەرەکییەکانی ژیان و ئازادی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگرن. ئەوە تێروانین و تێگەیشتنی منە لە هەر کۆر و پاگەندە و سیمینارێك، کە لەم ساتەدا خەڵکی نانخواز بە پیوازخوازییەوە خەریکدەکات، هەرچەندە ئاوا هەوڵێك هاندەرەکەی دەسەڵات و بەرژەوەندی دەسەڵاتداران نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەرەنجام بە خزمەتکردنی ئامانجەکەی دەسەڵات [واتە خەریککردنی خەڵك و دوورخستنەوەی لە نارەزایەتی بەرانبەر دەسەڵات] تەواودەبێت.

من لەتەك یەزدانەکانی سەرزەوییە، لەتەك بۆرجوازی کورد و لەتەك دەسەڵاتخوازانە نەك لەتەك یەزدانی ئەفسانەیی نێو خۆشباوەریی نەداران و بێدەسەڵاتان. هەر کەس و هەر رەوتێك، کە دژی ئەم تێروانینەیە و جەنگی دەیەوێت جەنگی سەر شەقامەکانی خەڵک لەتەك دەسەڵاتداران نادیدەبگرێت و دەخوازێت نەداران و بێدەسەڵاتان واز لە جەنگی دەسەڵاتداران و سەرمایەدانی کورد بهێنین و ئەوان بۆ مشتومری بوون و نەبوونی یەزدان و پێخەمبەربوون و نەبوونی موحەمەد و ئاسمانیبوون و نەبوونی قورئان بانگەوازدەکات، پێویستە سەرەتا پێداویسبوون و سەرەکیبوونی ئەو جەنگە بسەلمێنێت و وەڵام بە سەرنج و رەخنە و پرسیارەکان دەربارەی پاگەندە و هەوڵەکانی خۆیان بدەنەوە:

ئایا جەنگکردن دژی بوونێکی ئەفسانەیی بێجگە لە ئەفسانەسازیی و ئەفسانەبوونی خەون و بیرۆکە و ئامانجەکانی خود، هیچی دیکە دەگەیێنێت و هیچ سەرەنجامێکی دیکە دەبێت؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، کە چەپ و دەسەڵاتخوازانی بەناو "سۆشیالیست" لە ئاسمانی ئایدیالیزمی ئایدیۆلۆجییەوە دابەزنەوە سەر زەمینی کەتوارە کۆمەڵایەتییەکان و جەنگی یەزدانە کەتوارییەکان و کۆمپانییەکانیان و بەرهەڵستی داگیرکردن و تاڵانی و تایتبەتیکردن و پارتییکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و کەرتە خزمەتگوزارییەکان بکەن؟

ئایا جەنگکردن لەتەك بوونە ئەفسانەییەکان سەلماندنی ئایدیالیستبوون و دابرانی خود نییە لە پرسە کەتوارییەکانی سەر گۆی زەمین؟

ئایا ئەو فەرماندارییە [حکومەتە] پارلەمانیی و تێکنۆکرات و سێکیولاریست و "شورایی" و "کرێکاریی" و "سۆشیالیستییەی"، کە خۆیان پاگەندەیدەکەن و دەیکەنە نووشتەی چارەسەری هەموو دەردەکان و رزگارکەری چەوساوان، هەر زەمینیکردنی هەمان دەوڵەتی یەزدانی ئاسمانەکان و رەواکردنی سەروەریی و مشەخۆریی دەستەبژێرەکان نییە بەناوی "خەڵك"، "گەل" ، "نەتەوە" ،"نیشتمان" ، "چین" ؟